ئەی خودای باڵادەست، تۆ تاکی  و یەکیت.
هیچ هاوتات نییە.

ئەی خودای باڵادەست، سەرەتاییت نییە.
تۆ پەروەردگاری هەمیشەییت، تاهەتا دەمێنیت.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ رۆحیت.
جەستەی نەبێت.

ئەی خودای باڵادەست، پێویستیت بە هیچ نییە.
ڕۆحی خودا سنووری نییە، لە هەموو جێگایەکە.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ ڕووناکیت.
هیچ تاریکی لە تۆدا نییە.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ ڕاستودروستیت.
هیچ گوناهێك لە تۆدا نادۆزرێتەوە.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ هەرە بەرزی.
هیچ شتێك بۆ تۆ مەحاڵ نییە.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ هەموو شتێك دەزانی.
هەرچی داهاتوو و  هەرچی ڕۆیشت،
هەرچی شاراوە بێت و هەرچی ئاشکرا.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ ڕقت لە گوناهە.
دادوەری و سزا لە دەستی تۆیە.

ئەی خودای باڵادەست، نیعمەت بەخش هەر تۆی.
خۆشەویستی و بەزەییت هەرگیز کۆتایی نایەت.

ئەی خودای باڵادەست، تۆ دڵسۆزیت.
هەموو بەڵێنەکانت لەیادە و دێنیتە دی.